### دەوحە پێیوایە «ژیرانەو عاقڵانە نییە لەگەڵ ئێران کێشە هەبێت»

# بۆچی ترەمپ قەتەر تۆمەتبار دەکات؟

BBC فارسی

ISNA

FOCUS

ئەو قەیرانەی کە بەرۆکی کەنداوی گرتووە و قەتەر بە تۆمەتی پشتگیریکردن لە تیرۆر و نزیکی لەئێران ڕۆژانێکی سەخت تێپەڕ دەکات و لە ئێستادا بەهۆی پچڕانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان لەلایەن سعودیە و هاوپەیمانەکانی قەتەر لە دۆخێکی سەختدا دەژی.

پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و سعودیە و هاوپەیمانەکانی و دروستبوونی دۆخێکی نائارام و خراپ وای کردووە کە هەندێك لە بەرپرسانی باڵای سیاسی و ئەمنی ئەمەریکا بێنە سەر خەت و داوا بکەن کە دۆخەکە ئارام بکرێتەوە و ڕێگری لە تەشەنەسەندنی قەیرانەکە بگیرێت.

پاش سەردانەکەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ڕیاز لە یەکەمین سەردانی دەرەوەی پاش دەستبەکاربوونی وەك سەرۆك کۆمار و کۆبوونەوەی لەگەڵ زۆربەی

سەرانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و هێرشەکردنە سەر ئێران وەك تێکدەری سەرەکی ناوچەکە، دوای کۆبوونەوەکە و واژۆکردنی چەندین گرێبەستی سەربازی بە بڕی زیاتر لە 340 ملیار دۆلار لەنێوان واشنتۆن و ڕیاز جەوی ناوچەکەی تێکدا.

دوا بە دوای کۆبوونەوەکەی ترەمپ و سەرانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ڕیاز هەریەك لە سعودیە و میسرو ئیمارات و چەند وڵاتی عەرەبی لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا هەموو پەیوەندییە دیبلۆماسی و بازرگانی و سیاسی خۆیان لەگەڵ قەتەر پچڕاند و دەوحەیان بەوە تۆمەتبار کرد کە پشتیوانی لە تیرۆر دەکات و هاوکات لە ئێرانیش نزیك بوەتەوە، دوابـەدوای ئەوەش ترەمپ لە هەڵوێستێکی یەکلایەنە پشتگیری لە هەوڵوێستی سعودیە و هاوپەیمانەکانی ڕیاز کرد و قەتەری بەوە تاوانبار کرد کە پشتگیری لە تیرۆریزم وتوندڕەوی دەکات و دەبێت قەتەر واز لەو کارانەی بهێنێت، هەرچەند لێرەدا لەنێوان ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا و تیلەرسۆن وەزیـری دەرەوەی دوو جۆر لێدوان و هەڵوێست دەبیندرێت کە ئەو دوو هەڵوێستە بە دوو ئاقاری جیاجیا دەڕوات. ترەمپ تا ئێستا چەندجار بە شێوەی ڕاستەوخۆ پشتی سعودیەی لەو دۆخەدا گرتووە و داوا لە دەوحە دەکات دەست لە پشتگیری تیرۆرهەڵبگرن.

ڕەخنەگرتن و گوشار خستنەسەر قەتەر لەلایەن ئەمەریکاوە لە لایەن سعودیە و هاوپەیمانەکانیەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا و سعودیە و هاوپەیمانەکانی داواکەی ترەمپ بۆ کۆتایی هێنانی قەتەر لە پشتگیری لە تیرۆریزمیان بەرز نرخاند. ئەمە لە کاتێکدایە کە هاوکات کە ترەمپ سیاسەتی دژە قەتەری گرتۆتەبەر، تیلەرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سیاسەتێکی جیای گرتۆتەبەر و داوا بە قەتەر و سعودیە و هاوپەیمانەکانی ڕیاز دەکات بۆ ئەوەی دۆخەکەی لەو خراپتر و ئاڵۆزتر نەبێت و ڕووداوی لێنەکەوێتەوە و بارودۆخەکە بە ئاقارێکی خراپ دا نەڕوات داوا دەکات هەموو لایەنەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە و کێشەکان لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆوە چارەسەر بکەن. جەیمز ماتیس وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە لێدوانێکدا گەمارۆدانی قەتەر لە لایەن وڵاتانی عەرەبی کەنداوەوە لەوانە سعودیە وئیمارات دۆخەکە خراپتر دەکات و کۆمەك بە چارەسەرکردنی کێشەکان ناکات و لەهەمووان داوا دەکات زەمینەیەك بڕەخسێنن بۆ ئەوەی ئەو قەیرانە چارەسەر بکرێت. ئەوەی لێرەدا سەیر وسەمەرە لێدوانە لێکدژ و جیاوازەکانی بەرپرسانی ئەمریکییە لەسەر پرسی قەتەر.

وەزیری دەرەوە قسەیەك دەکات و وەزیری بەرگیش قسەیەك، کۆشکی سپی بۆچوونێکی هەیەو دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ترو جیاواز لەوانی تر لێدوان و هەڵوێست وەردەگرێت. بە ڕای چاودێرانی سیاسی لێدوانە لێکدژ و جیاوازەکانی بەرپرسانی ئەمریکی جۆرێك بێسەرەوبەرەیی لە سیاستی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە قەیرانی کەنداو هەیە.

## ترەمپ دۆلاری پێ گرنگترە تا شرۆڤەی سیاسی

لە ئێستادا ئەوەی بۆ ئەمەریکا لە سیاسەتی دەرەوە سەبارەت بە قەیرانی قەتەر و قەیرانی کەنداوە گرنگە ڕاو بۆچوون و تێبینی و دیدگای سیاسییەکان و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە یان شرۆڤەی شرۆڤەکارانی سیاسییە نییە ، ئەمانە لای ترەمپ ناخوات ئەوەی، بەڵکو بە لای ترەمپ-وە گرنگە دۆلاری سعودیە نەك لێکدانەوە و شرۆڤەی سیاسی. هەربۆیە ترەمپ بە بێ گوێدان بە سیاسەتی دەرەوە و پرەنسیبی دیپلۆماسی ئەوەی پێیخۆش بێت دەڵێت و دەیکات بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دیسپلینی سیاسەت بە تایبەت سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. ترەمپ بەبێ ئەوەی گوێ بە هەڵوێستی ڕەسمی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بدات و ڕای شارەزایان و پسپۆڕان و بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بدات سەبارەت بە قەتەر هەڵوێستی گرتووە و دەیگرێت و هەڵوێستەکەش هەمووی لە قازانجی سعودیەیە و بۆ پشتگیری لە سعودیەو هاوپەیمانەکانێتی لە دژی قەتەر. دۆلاری سعودی وای کردووە کە ترەمپ بە مەیلی سعودیە لەبەرامبەر قەتەر هەڵوێست دەگرێت و قسە دەکات.

تەنها 48 پێش ئەوەی کە کێشە بکەوێتە نێوان قەتەر و سعودیە، ترەمپ گرێبەستێکی 110 ملیار دۆلاری لەبارەی دابینکردن چەك و کەرەستەی سەربازی لەگەڵ بەرپرسانی سعودی واژۆ کردو هاوکات چەندین گرێبەست و یاداشتی ئابوری و لێکتێگەیشتی سەربازی و ئابووریيان بە بڕی 280 ملیار دۆلار لە نێوان ترەمپ و شای سعودیە واژۆ کرد. لەپاڵ ئەوەشدا چەندین گرێبەستی تری لەنێوان واشنتۆن و ڕیاز مۆر کرا. بۆ ترەمپ کە بازرگانێکی گەورە و هەلومەرجی

بازاڕو دۆزینەوەی کڕیاری باش دەزانێت زۆر ئاساییە کە دۆلارەکانی دەستکەوتوو لە ڕێککەوتنە سەربازی و بازرگانییەکان جێی بە پرسە ستراتیژی و سیاسییەکان تەنگ و لێژ بکات، ئەوەی بە لای ترەمپەوە گرنگە دۆلاری ئەمریکییە نەك سیاسەتی وشك، هەر بۆیە گرێبەستە ئابوری و سەربازییەکان لە پرسە ستراتیرییەکان لەلای ترەمپی بازرگان گرنگترە. بۆ سەلماندی ئەو قسەیەش دەتوانی سەیری لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکی سەبارەت بە قەیرانی کەنداو و قەتەر بکەیت. بەلای ترەمپەوە ئەمە گرنگ نییە کە قەتەر تا پێش دروستبوونی ئەم قەیرانەی دوایی کە ناکۆکی لە نێوان قەتەر و سعودیە و هاوپەیمانەکانی لێکەوتەوە شەریك و هاوڕێ و دۆستێکی نزیکی ئەمەریکا لە ناوچەکە لە دژی تیرۆریزم بووە. تەنانەت بوونی گەورەترین بنکەی سەربازیی ئەمەریکا لە قەتەر کە بە وتەی ژەنەراڵ ماتیس وەزیری بەرگری ئیستای ئەمەریکا ئەو بنکەیەکە گرنگترین بنکەی ئەمەریکایە لە شەڕی دژی تیرۆریزم و داعش نەیتوانیوە ڕێگری لە گۆڕینی ڕوانینی ترەمپ سەبارەت بە قەتەر بێت. وەزیری بەرگری ئەمەریکا دەڵێت بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە قەتەر گەورەترین و گرنگترین بنکەیە سەربازی ئەمەریکایە لە ناوچەکە کە لەدژی تیرۆریزم لە عیراق و سوریا و ئەفغانستان شەڕ دەکات. هیچ یەك لەمانە نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر ترەمپ دابنێت بۆ ئەوەی ڕوانینی بۆ قەتەر بگۆڕدرێت، هەندێکی تر پێیان وایە هەر چەند لە ڕابردوودا قەتەر یەکێك لە گەورەترین شەریکەکانی ئەمەریکا لەباری ئابوورییەوە بووە بەڵام دۆلارەکانی سعودیە وای کردووە کە ترەمپ چاوپۆشی لە دۆست و هاوڕێ نزیکەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بکات. قەتەر تا دوێنێ هاوڕێی نزیکی ئەمەریکا بوو بەڵام ئێستا لەلایەن ترەمپەوە تۆمەتبار و تەنانەت تاوانبارە بە پشتگیری کردن لە تیرۆریزم و گروپە تیرۆریستییەکان. ترەمپ بە شێوەیەك دەڕوانێتە قەتەر و وەزیرانی بەرگری و دەرەوەی بە شێوەیەکی ترو ئەمە سیاسەتی دوو فاقیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و سیاسەتی ڕەسمی ئەمەریکای دروستکردووە و تا ئێستاش کەس هەوڵنادات سیاسەتێکی یەکگرتوو بەرامبەر بە قەتەر بگیرێتە بەر و تا ئێستا یەك بەرپرسی ئەمریکی ئامادە نییە لەو بارەیەوە بدوێت.

لە ئێستادا چالاکانی مەدەنی باس لەوە دەکەن کە دەبێت ئەمەریکا متمانەی لەدەستچووی خۆی بەدەستبهێنێتەوە، چونکە بە ڕای ئەوان لە ئێستادا ئەمەریکا وەك ئەکتەری سەرەکی لەناو گۆڕەپانی سیاسی جیهاندا متمانەی خۆی لەدەستداوە و دەبێت هەوڵبدات ئەو متمانەیەی کە لەدەستیداوە دووبارە بە دەستی بهێنێتەوە.

قەتەر تا ئەمدوایانە گەورەترین شوێن بوو بۆ ئـەوەی گروپی سەرمایەگوزاری ترەمپ و بازرگانانی ئەمریکی بێین لەوێ سەرمایەگوزاری بکەن و تا ئەمدوایانە قەتەر وەك ناوەندێکی دژە تیرۆر لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکی حسابی بۆ دەکرا، ئەدی خێرا ئاوا بە زوویی و لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو دا پاش ڕێککەوتنە ئابوورییەکانی ڕیاز و واشنتۆن لەلایەن ترەمپەوە بە پشتیوانی تیرۆر لە قەڵەم بدرێت و سزا بدرێت، ئایا لە وەها هەلومەرجێکدا دەکرێت متمانە بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بکرێت؟

قەتەر : سەیرە ترەمپ تۆمەتبارمان دەکات

نوێنەری تایبەتی وەزیری دەرەوەی قەتەر بۆ کاروباری دژی تیرۆر دەڵێت: وڵاتەکەی لەسەر پێشنیار و داوای ڕەسمی ئەمەریکا ڕێگەی داوە کە بزوتنەوەی تالیبان نووسینگەی خۆیان لە دەوحە بکەنەوە بۆ ئەوەی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و تالیبان و ئەفغانستان ئاسانتر بێت.

موتلەق قەحتانی نوێنەری تایبەتی وەزیری دەرەوەی قەتەر بۆ کاروباری دژی تیرۆر لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: قەتەر ڕۆڵێکی باشی بۆ ئاسانکردنەوەی دانوستانەکانی نێوان ئەمەریکا و تالیبان و ئەفغانستان گێڕاوە و واشنتۆنیش داوای لێکردوون کە ڕێگە بە کردنەوەی نووسینگەی تالیبان لە دەوحە بدەین. قەتەر لەسەر ویستی ئەمەریکا و لەسەر بنەمای سیاسەتی « دەرگا کراوەکان» میوانداری بزوتنەوەی تالیبانی کـردووە و لەساڵی 2003 وە نووسینگەی ئەو بزوتنەوەیە لە دەوحـە کراوەتەوە و تا ئێستا بەردەوامە. قەحتانی ڕەخنە لە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگرێت کە بۆچی قەتەر بە پشتگیری لە تیرۆر تۆمەتبار دەکات لەکاتێکدا ئەمەریکا خۆی ئیزنی دا کە نووسینگەی تالیبان لە دەوحە بکرێتەوە. هاوکات قەتەر وێڕای بەدرۆخستنەوەی تۆمەتەکانی ترەمپ سەبارەت بەو وڵاتە داوا لە ئەمەریکا دەکات بەڵگە بخەنەڕوو ئەگەر ڕاست دەکەن.

چەند ڕۆژێك دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا داوای لە وڵاتانی کەنداو بکرێت کە هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر چڕ

بکەنەوە و داواشی لەبەرپرسانی قەتەری کرد کە دەست لە پشتگیری کردن تیرۆریزم هەڵگرن و کۆتایی بە کۆمەککردن بە تیرۆر بهێنن.

سعودیە لەدژی قەتەر سکاڵا تۆمار دەکات

وەزیری کاروباری سعودیە ڕایگەیاند: بەمنزیکانە هەرچوار وڵاتی عەرەبی سکاڵاکانی خۆیان لە قەتەر تۆمار دەکەن. عادل جوبێر وەزیری دەرەوەی سعودیە کە سەردانی لەندەنی پایەختی بەریتانیا کردووە ڕایگەیاند: سعودیە و بەحرەین و میسر و ئیمارات بەمنزیکانە سکاڵاکانی خۆیان لەدژی قەتەر تۆمار دەکەن. وەزیری دەرەوەی سعودیە هۆشداری دایە بەرپرسانی قەتەری کە دەست لە پشتگیری لە گروپە توندڕەوەکان هەڵبگرن و ڕایگەیاند: قەتەر ناتوانێت هەم پەیوەندییەکانی باشی لەگەڵ دراوسێکان هەبێت و هەم پشتیوانی لەگروپە توندڕەو و گروپە تیرۆریستییەکان بکات.

ئەو بەرپرسە سعودیە باس لەوە دەکات کە سعودیە و هاوپەیمانەکانی بەنیازی ئەوەن کە زیان بە هاوولاتیانی قەتەری بگەیەنن ولە ئێستا ئەم چوار وڵاتە عەرەبییە هەموو سکاڵاکانی خۆمان لە قەتەر تۆمار دەکەین و دەبێت بەرپرسانی قەتەری وەڵام بدەن بۆ ئەوەی کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر ببێت. ئەو بەرپرسە سعودییە ئاژمارەی نەکرد کە سکاڵاکان بەچ شێوەیەك دەبێت و لەکام دادگا تۆمار دەکرێت، بەڵام هاوکات باڵوێزی ئیمارات لە واشنتۆن ڕایگەیاند: قەتەر دەبێت سەبارەت بە پشتگیری کردنی لە تیرۆر و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان وەڵام بداتەوە کە ئامانجی دەوحە لەو کارانە چییە؟

## سعودییەکان بایکۆتی کاڵای تورکی دەکەن

لە میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سعودیە هەڵمەتێك بۆ بایکۆتکردنی کاڵای تورکی لەناو بازاڕەکانی سعودیە دەسپێکردووە و داوا دەکرێت بەهۆی ئەوەی کە تورکیا پشتیوانی لە قەتەر دەکات، کاڵای تورکی لەلایەن هاوڵاتیانی سعودی بایکۆت بکرێت.

ئەو هەڵمەتە دوای ئەوە دەستییپێکرد کە پەرلەمانی تورکیا پرۆژەی ناردنی هێزی سەربازی بۆ بنکەی سەربازی تورکیا لە قەتەر پەسەند کرد. ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا کە لەڕاستیدا پشتیوانیکردنە لە قەتەر بووە هۆی ئەوەی کە بەشێك لە هاوولاتیانی سعودی لەڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوا لە حکومەت و میللەتی سعودیە بکەن کە کاڵای تورکی بایکۆت بکرێت.

> **ئەوەی بە لای ترەمپەوە گرنگە دۆلاری ئەمریکییە نەك سیاسەتی وشك، هەر بۆیە گرێبەستە ئابوری و سەربازییەکان لە پرسە ستراتیژییەکان لەلای ترەمپی بازرگان گرنگترە.**

سیاسەتی ترەمپ بەرامبەربە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادیارە؟

لە ئێستادا کەس لە سیاسەتی ترەمپ لەبەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لەبارەی عیراق و سوریا تێناگات و هیچ کەسیش نازانێت کە دۆناڵد ترەمپ لەم ناوچەیە چی دەکات و بە تەمای چییە و سیاسەتێکی ڕوونی نییە. لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قۆناغێکی هەستیاری گوزار تێپەڕ دەکات و لە کورت خایەندا کەس نازانێت ئەم ناوچەیە چی بەسەر دا دێت و ئایندەیەکی نارڕوونی هەیە، هەمووومان باس لەوە دەکەن کە بەشێك لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گرەوی دیاریکردنی چارەنووسی سوریادایە، شەڕی چارەنووسسازی سوریا و هەروەها سیاسەتی زلهێزەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانێت لەدیاریکردنی چارەنوسی ناوچەکە کاریگەرییەکی زۆری هەبێت.

ماوەی 6 ساڵە شەڕێکی ماڵوێرانکەر ناوچەکەی داپۆشیوە و بەم پێیە بێت چارەنووسی ناوچەکە تارادەیەکی زۆر نادیار و نارِوونە، زۆر

کەس پێیانوایە پێدەچێت بارودۆخی ناوچەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووداوەکانی 2011 یانی پێش سەردانی بەهاری عەرەب، هەندێك پێیانوایە لەوەها هەلومەرجێکی سیاسی، سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئایندەی ناوچەکە هەبێت. هەرچەند کردەوەکانی ترەمپ لەچەند مانگی ڕابردوودا وەك سەرۆك کۆماری ئەمەریکا بەرزی و نزمی و هەوراز ونشێو و بێسەرەوبەرەیی پێوەدیار بووە. هەر لەمڕووە هەندێك پێیانوایە کە لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە تاك تاکی وڵاتەکان بە تایبەتی لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێ قسە بکرێت، بەڵام لەوەی کە ئەو سیاسەتە بە سەرهەموو وڵاتاندا تەعمیم (گشتاندن) بدرێت تۆزێك سەخت و دژوارە، چونکە ئەو سیاسەتەی کە ئەمەریکا لەبارەی یەمەنەوە پەیڕەوی دەکات زۆر جیاوازە لەو سیاسەتەی کە لە سعودیە و بەحرەین یان فەلەستین یان لە قەتەر لەبەرچاوی دەگرێت، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت باس لە سیاسەتێکی هاوبەشی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین کەمێك دژوارە، چونکە وەسفکردنی سیاسەتێکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو بۆ ناوچەکە سەختە، لە لایەکی ترەوە لەئێستادا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە حاڵەتێکی نایدارو گوزاردایە و حکومەتی نوێی ئەمەریکا کۆمەڵێك ئامانجی بۆ خۆی داناوە و پێناسە کردووە و داڕشتووە بەڵام ئایا ئەمەریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ترەمپ دەتوانێت بگات بەو ئامانجانە؟ لەبارەیەوە قسەی زۆر کراوە و باسی زۆر هاتۆتە ئاراوە.

هەربۆیە دەتوانین بڵێن کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەبەرامبەر ناوچەکەدا بەتایبەتی قەتەر و عیراق و سوریا یەکپارچە و یەکسان و جێگیر نییە، سەبارەت بە قەتەر لەئێستادا ئەمەریکا لەلایەك گرێبەستی چەند ملیار دۆلاری لەگەڵدا واژۆ دەکات و فڕۆکە جەنگی ئێف 15 ی پێدەفرۆشێت و لەلایەکی تر تۆمەتی پاڵپشتیکردنی تیرۆر دەخاتە پاڵ ئەو وڵاتە و تۆمەتباری دەکات کە پشتگیری لە گروپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان دەکات. لە لایەکی ترەوە گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمەریکا لەناوچەکەدا لەناو خاکی قەتەر دایە. لە بارەی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا بەرامبەر بە عیراق و سوریا ئەوەیە کە ئەمەریکا ناوێت خەرجێکی زۆری دارایی و زیانێکی زۆری مرۆیی قەبوڵ بکات و بێتە ناوشەڕەکەوە و شەڕێکی نوێ داگیرسێنێت. هەرچەندلە پێشتردا ئەمەریکا هێرشی کردە لە عیراق و بە ملیارها دۆلاری خەرج کرد و بە هەزاران سەربازی لەو شەڕەدا کوژرا، دواتریش چۆڵی کردو لە ئێستادا ئەمەریکا دەیەوێت جۆرێك سەقامگیری لە ناو عیراقدا دروستبێت و یەکپارچەیی خاکی عیراق بپارێزرێت. هەر بۆیە لەئێستادا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەناوچەکەدا بەتایبەتی لەبارەی قەتەر و عیراق و سوریا و یەمەن ڕوون نییە و سیاسەتێکی دیاریکراو لەلایەن ئەمەریکا لەناوچەکە پەیڕەو ناکرێت و دەبێت چاوەڕێی ئایندە بکەین.

## ئەگەر سەرهەڵدانی جەنگی سەربازی لەنێوان قەتەر و سعودیە

نوسەرێکی ناوداری عەرەب هۆشداری دەدات کە ئەگەر قەیرانی کەنداو هەر ئاوا بمێنێتەوە و چارەسەری بۆ نەکرێت پێدەچێت جەنگی سەربازی لێبکەوێتەوە.

نوسەرو شرۆڤەکاری ناوداری عەرەب عەبدولباری عەتوان ڕایگەیاند: لەئێستا دا جەنگی میدیایی لەنێوان قەتەر و سعودیە و هاوپەیمانی دەستی پێکردووە و ئەگەر کێشەکان و قەیرانەکە چارەسەر نەکرێت لەوانەیە بەمزووانە شەڕی سەربازی لە نێوان قەتەرو سعودیە و هاوپەیمانی سەرهەڵبدات و دەست پێبکات. عەتوان دەڵێت لەئێستادا تۆمەت بەخشینەوەکان قۆناغێکیان بڕیوە و گەیشتۆتە قۆناغی جنێو دان و ناوزەڕاندن و ئەگەر بەمشێوەیە قەیرانەکە بەردەوام بێت هەردوو لا پەنا بە چەك دەبەن و ئەو کات شەڕەکە دەستپێدەکات. هەر وەك پێشتریش لە ڕابردوودا ڕوویداوە هەروەك چۆن لەساڵی 2014 هەر وڵاتێك باڵوێزی خۆی کشاندە و شەڕی میدیایی و دەروونی دەستپێکردبوو.

ئەو نووسەرە هۆشداری ئـەوەش دەدات کە لەئێستادا ئێمە لەقەیرانێکی ڕاستەقینەدا دەژیـن و ئەگەر هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چڕ نەکرێتەوە ئەو جەنگ سەرهەڵدەدا. هەر بۆیە دەبێت ئەو وڵاتانە پێکەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن و گفتوگۆ بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. باشە ئێوە دەڵێن لەکاروباری ئێمە دا دەستێوەردان و مەداخەلە مەکەن ئەدی خێرە خۆتان لە کاروباری ناوخۆی سوریا و یەمەن و عیراق و لیبیا دەستێوەردان دەکەن.

ئەو نوسەرە دەڵێت: لەئێستادا کێشەیەکی زۆر گەورە لە ئارادا نییە بەڕەسمی جەنگی میدیایی لە ناو میدیای وڵاتانی کەنداو دەستی پێکردووە و میدیاکان بنەماڵەی میری پێشووی قەتەر و عەلی عەبدوڵلا سالّح سەرۆك کۆماری پێشووی یەمەن کەوتونەتە ناو ئەو شەڕە میدیاییەوە.

## کێشەکە چییە؟؟

میری قەتەر لە مەراسیمی ئاهەنگی دەرچوونی ژمارەیەك لە سەربازانی وڵاتەکەی لە لێدوانێك دەڵێت: ژیرانە و عاقڵانە نییە کە لەگەڵ ئێران کێشەمان هەبێت و حەماس و حزبوڵلا بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی دۆناڵد ترەمپ تیرۆریست نین و بەمزووانە ترەمپ پۆستی سەرۆك کۆماری لەدەستدەدات چونکە کێشەی یاسایی هەیە. میری قەتەر لەسەر زۆر شت قسەی کردبوو و هەروەها ڕەخنەی لە گرێبەستە ملیارییەکانی نێوان سعودیە و ئەمەریکا گرتبوو و ڕایگەیاند بوو  ئەو پارە زۆر و زەوەند لەبەری ئەوەی بۆ چەك و کەرەستەی سەربازی تەرخان و خەرج بکرێت لە بواری خزمەت گوزارییەکان خەرج بکرێت و هەلی کاری زیاتر بڕەخسێت.

شێخ تەمیم بن حەمەد ئال سانی میری قەتەر وتبووی: من لەگەڵ ئەوەدا نیم جەنگ لەدژی ئێران و ئەوانی تر بکرێت، ئێمە هەموومان شەڕی سوریا و عیراق و لیبیا و یەمەنمان بینی چی بوو؟ بینینیتان چی بە دوای دا هات؟ بۆچی دەبێ پێشمان پێبکەن و پارەکەی ئێمەش ببەن، بۆچی ترەمپ بێت و 460 ملیار دۆلاری ئێمە لەگەڵ خۆی ببات؟

هەرچەند دواتر قەتەر ڕایگەیاند کە ئەو ماڵپەڕەی ئەو قسانەی بڵاوکردۆتەوە هاك کراوە و میری قەتەر ئەو قسانەی نەکردووە. عەبدولباری عەتوان دەڵێت: خۆزگە ئەو قسانە هی میری قەتەر بایە، چونکە بەڕاستی لەئێستادا ئێمە ئیتر جەنگمان ناوێ و نامانەوێت گرێبەستەکان بۆ کڕینی چەك لە دژی یەمەن و ئێران بەکار بهێنرێت. ئەگەر جەنگ و شەڕتان دەوێت ئەوە بڕۆن بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیل، ئیتر بۆ دێن لە گەڵ یەکتر بەشەڕ دێن و یەکتر دەکوژن و وڵاتی یەکتر وێران دەکەن.

هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە سعودیە لەگەڵ قەتەر بەمشێوە مامەڵە دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قەتەر بە دوای ئەوە دا دەگەڕێت

**وەزیری بەرگری ئەمەریکا دەڵێت بنکەی سەربازی ئەمەریکا لە قەتەر گەورەترین و گرنگترین بنکەیە سەربازی ئەمەریکایە لە ناوچەکە لەدژی تیرۆریزم لە عیراق و سوریا و ئەفغانستان شەڕ دەکات.**

کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران بەباشترین شێوە پتەو و بەهێز و پەرەپێبدات و ئەمەش بۆ سعودیە قەبوڵ ناکرێت و ڕیاز نایەوێت کە دەوحە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران پتەو بکات و پەرەی پێبدات و لەڕوانگەی سعودیەوە هەرجۆرە پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ ئێران لەلایەن وڵاتانی کەنداو و ناوچەکە قەدەغەیە. لەئێستادا لە کەنداو هەرکەسێك بڵێت کە ئەوان لەدژی ئێران جەنگ ناکەن و دەیانەوێت لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئێران کۆببنەوەو قسە بکەن ئەوە دەستبەجێ دەکەونە بەرهێرش و سووکایەتی کردن لە ڕێگەی میدیاکانەوە.

عەبدولباری عەتوان سەبارەت بە توانا سەربازییە باڵاکانی ئێران دەڵێت: سعودیە و هاوپەیمانەکەی دەڵێن ئێمە دەبێت لەگەڵ ئێران بەشەڕ بێین و بجەنگین، باشە بۆ؟ لەبەرچی؟ جەنگ و شەڕ لەبەرچی؟ ئایا ئێوە توانای ئەوەتان هەیە لەگەڵ ئێران بە شەڕ بێن؟ بۆچی بە دوای کێشەدا دەگەڕێن؟ ئێوە لە یەمەن و سوریا نەتانتوانی ئێران شکست بدەن و تەنگی پێهەڵچنن.

ئەو نوسەرو شرۆڤەکارە پێی وایە کە قەتەر سێ ڕێگای لەبەردەم دایە، یەکەم ئەوەی کە قەتەر هەموو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تاران بپچرێنێت و کۆتایی بە پەیوەندییەکانی بهێنێت، یان ئەوەی کە هەموو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حەماس و ئیخوان ببرێت چونکە سعودیە ئیخوان و حەماس بە تیرۆریست دەزانێت هەڵبەت هاوپەیمانەکانی سعودیەش هەر وا بیر دەکەنەوە کە حەماس و ئیخوان دوو گروپی تیرۆریستین. سعودیە وهاوپەیمانەکانی هەموو هەوڵەکانیان خستۆتەگەڕ کە فەرهەنگ و کلتووری موقاوەمە و بەرگری لاواز و لەناو ببەن و لەڕوانگەی ئەوانەوە قەدەغەیە کە کەسێك لەبەرامبەر ئیسرائیلدا موقاوەمە و بەرگری بکات. چونکە ئیسرائیل بوەتە دۆست و هاوپەیمانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی ڕیاز و هەندێك باس لەوە دەکەن کە بەنیازن هاوپەیمانییەکی عەرەبی دروست بکەن لە ڕیاز، هاوکاتیش ترەمپ بە شێوەیەك لە شێوەکان چاودێری بکات. یانی ئیتر لەمەودوا ئیسرائیل دوژمن و نەیار نییە و دەبێت بەشێك لە هێزی ناوچەکە.

عەبدولباری عەتوان دەڵێت بە پێی هەندێك لە زانیارییەکان محەمەد بن سەلمان لە سەردانەکەی بۆ ئەمەریکا بەڵێنی 200 ملیار دۆلاری بە ئەمەریکا دابوو بۆ کڕینی چەك.

هەڵبەت قەتەریش هەروا بێ دەستەوەستان ڕانەوەستاوە و هەوڵی خۆیداوە کە ملیارها دۆلاری پارە و چەك بۆ گروپەکانی سوریا خەرج کردووە بەشێوەیەك کە دوو جار محەمەد جولانی سەرکردەی بەرەی نوسرە لە تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە دەرکەوتووە و قسەی کردووە. ئەوە کێ بوو کە دەستی لە کاروباری ناوخۆی لیبیا وەردا؟ ئەوە کێ بوو کە چەك و پارەی بۆ لیبیا نارد؟ ئەوە کێ بوو؟ هەموو کەس دەزانێ کە قەتەر بوو قەتەر. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئایا قەتەر ئیخوان موسلیمن و حەماس و خالید مەشعەل لە خاکی خۆی دەردەکات؟ ئایا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گروپە هاوپەیمانەکانی لە سوریا تێکدەدات و کۆتایی پێدێنێت؟ ئایا پارە بە ترەمپ دەدات هەر وەك چۆن سعودیە پارەی بە ترەمپ دا. ئەم پرسیارانە گرنگن .ئایا قەتەر کام یەك لەو بژارانە هەڵدەبژێت و کاری لەسەر دەکات؟ ئەی ئەگەر قەتەر هیچ یەك لەو بژارانەی لەبەرچاو نەگرت و گوێی پێنەدا ئەو کات چی ڕوودەدات؟

عەبدولباری باس لەوە دەکات کە چەند مانگ لەمەوپێش بەرپرسێکی ئەمریکی لەبارەی قەتەرەوە وتویەتی: قەتەر لەسەر ڕێگاکە لایداوە و بە لاڕێدا چووە .

ئەو نووسەر و شرۆڤەکارە عەرەبە باس لەوەش دەکات کە نیگەرانە، نیگەرانی جەنگێك لە ناوچەکە، هەرچەند لەئێستادا هەندێك شت دەردەکـەون کە قەتەر دەیەوێت گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی خۆی لەناوچەکەدا بکات، هەر بۆیە دەبێت چـاوەڕێ بین بزانین چی ڕوودەدات؟

## تورکیا لە قەتەر چی دەوێت؟

تازە دوو ڕۆژ بوو کە سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی خۆیان لەگەڵ قەتەر پچڕان و هەموو سنووری دەریایی و ئاسمانی و زەمینیان بەڕووی قەتەر داخست کە پەرلەمانی تورکیا لە کۆبوونەوەیەکدا پرۆژە یاسایەکی پەسەند کرد کە بەپێی ئەو یاسایە تورکیا دەتوانێ هێزی سەربازی خۆی لە بنکەی سەربازی تورکیا لە قەتەر جێگیر بکات. هەرچەند ئەو هەنگاوەی تورکیا ناکرێ بڵێین هەنگاوێکی دژی سعودیە، بەڵام لەڕاستیدا لە پێناو پشتگیری و پشتیوانی قەتەر ئەنجامدراوە. هەندێك لەشرۆڤەکارانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕن کە ئەنقەرە بەو هەنگاوەی خۆی نیشانی دا کە پەیوەندی سەربازی و بەرگری لەگەڵ قەتەر گرنگییەکی تایبەتی بۆ تورکیا هەیە. گەرچی ماوەیەکە تورکیا بنکەیەکی سەربازی لە قەتەر کردۆتەوە و ژمارەیەکی کەم سەربازی تورکی لە قەتەر جێگیر کراون بەڵام لە ئێستادا تورکیا دەیەوێت بە هێزێکی زۆری سەربازی لە قەتەر ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات لەپێناو پاراستنی ئەو وڵاتە.

ساڵی 2014 بە پێی ڕێککەوتنێکی سەربازی لە نێوان تورکیا و قەتەر، ئەنقەرە بنکەیەکی سەربازی لە قەتەر کردەوە و ئەمەش یەکەمین بنکەی سەربازی تورکیا لە ناوچەی خۆرئاوای ئاسیا.

ئەو بنکە سەربازییەی تورکیا کە لە قەتەر دامەزراوە توانای وەرگرتن و جێگیرکردنی 5000 هەزار سەربازی هەیە کەچی لە ئێستادا تەنها 200 سەربازی لێیە.

تورکیا بە کردنەوەی ئەو بنکە سەربازییە لەناو خاکی قەتەردا دەیەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان هێزو توانای خۆی نیشان بدات لەناوچەکەدا، بە تایبەت ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا کە قەت بەرزەفڕەکانی خۆی نەشاردۆتەوە و بە ئاشکرایی حەزی لە دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی و خەونی گـەورەی لە مێشکدایە بۆ پەرەسەندنی

دەسەڵاتەکانی خۆی.هەر بۆیە لە قەتەر بنکەیەکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە لەناوچەکەدا نفوزی هەیە و دەیەوێت جێ پێی خۆی لەوناوچەیە قایم بکات. هەرچەند ئەو هەنگاوەی تورکیا بە شێوەیەك لە شێوەکان ناچێتەدژایەتی کردنی سعودیە، بەڵام تورکیا لەوناوچەیە دەیەوێت هاوسەنگی هێز لەناوچەی خۆرئاوای ئاسیا لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دروست ببێت. تورکیا بەنیازە ڕوانینی جیۆپۆلتیکی خۆی لە ناوچەکە پۆلێنبەندی بکات و بە پێی ئەو پۆلێن بەندییە سیاسەتەکانی خۆی لەناوچەکە بەرەو پێشەوە ببات، بەشێوەیەك لە لایەك پشتیوانی لە قەتەر بکات و لەلایەکی تریشەوە دڵی سعودیە ڕابگرێت و هاوکاتیش بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت.

هەڵبەت دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تورکیا و قەتەر سەبارەت بە پێشهات و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە هەردووکیان بە ڕێگایەك دا دەڕۆن و لە یەك کانی ئاو دەخۆنەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە سوریا و میسر هاوشێوە مامەڵەیان کردووە، بۆ نموونە سەبارەت بە ڕووداوەکانی میسر و بەرگریکردن لە ئیخوان یەك هەڵوێستیان بووە و لەبارەی کودەتاکەی عەبدولفەتاح سیسی و لابردنی حکومەتەکەی مورسی هەم ئەنقەرە و هەم دەوحە یەك هەڵوێست و یەك سیاسەتیان گرتەبەر. قەتەرو تورکیا لە پۆلێن بەندی ئیخوان و حەماس وەك گروپی تیرۆریستی خۆیان بەدوور گرتووە و پشتیوانی و پشتگیری ماددی و دارایی و سەربازی ئیخوان و حەماسیان کردووە و هەروەها یارمەتی ئەو گروپانەیان داوە کە لە سوریا لەدژی حکومەتەکەی بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆماری سوریا دەجەنگن.

پەیوەندییەکانی قەتەرو تورکیا لە دوای کودەتا سەرنەگرتووەکەی تورکیا لە 15ی تەموزی ساڵی 2016 بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی و پەرەی سەندووە ئەو کاتەی کە شێخ تەمیم بن حەمد ئالی سانی میری قەتەر پشتیوانی لە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆمار کرد و پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ تورکیا دەربڕی.

لە لایەکی ترەوە قەتەر و تورکیا لەبەرامبەر ئێراندا هەردووکیان سیاسەتی هاوسەنگیان هەیە، هەرچەند ئێران و تورکیا لەبارەی مەسەلەی عێراق و سوریا بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام پەیوەندی بازرگانی و ئابووری نێوان تاران و ئەنقەرە لەوپەڕی باشیدایە و هاوکاتیش قەتەر پەیوەندی باشی لەگەڵ تاران هەیە و بە وتەی میری قەتەر هیچ کەند و کۆسپێك لەسەر ڕێگەی پەیوەندی نێوان دەوحە و تاران نییە و قەتەر خوازیاری ئەوەیە کە پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بدات. جۆری پەیوەندییەکانی قەتەر و تورکیا لەگەڵ ئێران بەشێوەیەکە کە سعودیە تووشی کۆمەڵێك کێشە کردووە . چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو ڕایەن کە تورکیا هەموو هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و سعودیە هەر بە باشی بمێنێتەوە و کێشە و دوژمنی لێنەکەوێتەوە و قەتەر بەشێوەکان هەمان مەبەستی هەبوو هەرچەند لەئێستادا پەیوەندی نێوان قەتەر و ئەمەریکا و سعودیە کێشەی تێکەوتووە.

سەبارەت بە سیاسەتەکانی قەتەر کە بوەتە جێی ڕەخنەی سعودیە و هاوپەیمانەکانی و ئەمەریکا، تورکیا بەو شێوەیە بیر ناکاتەوە و لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی قەتەرە و پێی وایە ئەو تۆمەتانەی کە سعودیە و هاوپەیمانەکانی خستوویانەتە پاڵ قەتەر هیچ بنەمایەکی نییە و ڕاست نییە.

قەتەر و تورکیا سەبارەت بە فەلەستین و میسر و حەماس و ئیخوان خاوەنی دیدگا و بۆچوونێکی هاوبەشن و وەك یەك بیر دەکەنەوە و وەك یەك هەڵوێست دەگرن. بەڵام هاوکات سەرەڕای ئەوەی کە قەتەر و تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەدا خاڵی هاوبەشیان زۆر و سەبارەت بە ناوچەی کەنداو زۆر جار وەك یەك هەڵوێست دەگرن بەڵام تورکیا بە هیچ شێوەیەك نایەوێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سعودیە و ئیمارات بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەنقەرە پەیوەندییەکی پتەویی ئابوری و بازرگانی و سیاسی لەگەڵ ڕیاز هەیەو ئەمە لەکاتێکدایە سعودیە و ئەمەریکا پەیوەندییەکی گەرم و گوڕیان هەیە و تورکیاش دەیەوێت لە ڕێگەی سعودییەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا لەدوای هاتنەسەر کاری دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەرە پێبدات.

تورکیا هەرچەندە لەگەڵ سیاسەتەکانی قەتەرە و دەوحەو ڕیازیش لەسەر زۆر مەسەلە کێشەیان هەیە، بەڵام تورکیا نایەوێت نە دۆستایەتی قەتەرو نە سعودیە لەدەست بدات و پشتیوانییەکەی لە قەتەر بە مانای دژایەتی کردنی سعودیە نییە.

## سەرچاوەکان:

سایتی (الوقت)، isna ، bbc